# ئەگەر خەڵکی کوردستان وشیار نەبێت،سونە گەرێتی یەکگرتوو دەمانخاتە گۆمێک خوێنی قوڵەوە کە خۆشمان نەزانین چۆن دەرباز ببین لێی

عەبدول قەرەگۆلی
abdull_qeregoly@yahoo.se

لە سەرو بەندی کۆبونەوەی قاهیرە لە کۆتایی نیسانی ڕابردوودا کە درێژە دەریی کۆبوونەوەکەی ئەستەمبوڵی چەند مانگی پێشووتر بوو لەسەر بانگێشتی ڕژێمیی تورکیا سازکرا بوو، یەکگرتووی ئیسلامی یەک لەو لایەنانە بوو کە بیری سوننەگەرێتی هانیدان تا بە ئەوپەڕی قورسای خۆیانەوە بەشداریی کۆبوونەوە کەی قاهیرە بکەن، پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە یەک مانگ بەسەر درووست کردنی بەرەکە ودەرکەوتنی ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە، هەر بۆیە بەتێکرای ئاراستەکان لە ئەوپەڕی ڕاست هەتا ئەو پەڕی چەپ بە ئیسلامی و علمانی خەڵکانی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر بۆ پاراستنی ئەو ئەزمونە کە لە پارچەیەکی شیرینی نیشتیمانەکەماندا هاتوەتە بەرهەم،بەیەک دەنگ بایکۆتیی ئەم جۆرە پلانانەیان کرد.

بەندە یەک لەو کەسانە بووم کە بە نوسینی دوو وتار لە دژی ئەم بەرەیە کە یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ناحەزان و نەیاران و بەشێک لە جاش و بەکرێ گیراوانی دەوڵەتانی ناوچەکە لە سایتە کوردیەکاندا بەشداریم کرد ،لە نووسینەکانمدا یەکگرتووی ئیسلامی م خستبوە ژێر ڕەخنەوە، کاتێک بڕیارمدا بێدەنگ نەبم لە ئاست ئەم هەنگاوەی کە دژ بە گەلەکەم سازکراوە،لە هەمان کاتدا ڕەچاوی ئەوشم کرد کە ڕوبەڕوی هەندێک هێرش و پەلامەر و هەڕەشە ببمەوە لە لایەن ئەم گرومانەوە، بە ڕیگای (E.mel)،چەند نامەیەکم بەدەست گەشت،هەر وەک چۆن دام نابوو بەوشێوەیە دەرچوو، هەندێک کەسی نامۆ بە ئازادی و دیموکراسی شمشێرەکانیان لە کالان دەرهێنا، ئەگەردەستیان پێم بگەشتایە ئەوا بێ سێو دوو ڕقی خۆیان خاڵی دەکردەوە دژ بە خۆم و نووسینەکانم، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت سوپاسی هەندێک بەڕیز نەکەم کە بە ئەدەبەوە نامەیان بۆ ناردبووم بە تێبینی وبۆچونەکانی خۆیان وەڵامیان دابوومەوە.

یەکگرتوو بۆ خۆ دەربازکردن لەم هەڵە گەورەیەی کە تێی کەوتوە پاش ئەوەی بۆیان ڕون بووەوە کە خەڵکی کوردستان چەند توڕەیە لە بەرانبەر بەشداری کردنی بەرەیەک کە ناحەزان و خائینان دژ بە کورد سازیان کردوە، کەوتنە پاساو هێنانەوە بە شێوەیەک کە خۆشیان نەیان دەزانی چۆن پەردە پۆشی بکەن، لە وانە ،پێش چونیان بۆ قاهیرە پرسیان بە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی هەرێم کردوە بە ئاگاداری ئەوان بەشداریان کردوە،باشە ئەوە لاریمان لەوە نیە پرستان بە سەرانی دەستەڵات لە کوردستان کردوە ،بەڵام ئەوەتان بۆ ڕون کردنەوە کە واژۆی خاڵ بەخاڵی بەیان نامەکەتان کردوە کە تەنها بەندێکی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نیە،بەڵکو پەیمانتان نوێ کردەوەتەوە بۆ بە عەرەب کردنی عێراق بە کوردستانەوە،هاو سۆزی و هاوخەمیتانە بۆ یەکپارچەی خاکی عێراق دەربڕیوە!!

بۆ لە دوای (37) ڕۆژ لە گەرانەوەتان خەڵکی کوردستاننتان ئاگادار نەکردەوە کە بەشدار بوانی

بەرەکە کێ بوون؟ لەسەر چی ڕێک کەوتوون؟ واژۆی ڕێکەوتنتان کردوە؟دەکشێنەوە یان بەردەوام دەبن؟ لایەنی ئیجابی و سلبی چ بووە؟
کاتێک خەڵکی کوردستان واژۆی( سەلاحەدین بەهائەدین) ئەمینداریی گشتی حیزبەکەتان لە سەر ئەو خاڵانە بینی نازانن چۆن خۆتان دەرباز بکەن،ئێمە ومانان بە تێکدەرو قین لەدڵ و چەواشەکار و نامەسئول و توندڕە و دەمارگیر لە قەڵەم دەدەن, ئەگەر خەڵکی کوردستان وشیار نەبێت،سوننە گەرێتی یەکگرتوو دەمانخاتە گۆمێک خوێنی قوڵەوە کە خۆشمان نەزانین چۆن دەرباز ببین، ئەوەتا بێ پێچوو پەنا نایشارنەوە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیان (مامۆستا مەولود) لەسەر تۆری ئەنتەرنێت (paltalk) پاڵتاڵک ژوری لە ژوری(KurdistanNationalist Kurdi Neteweiy) کوردی نەتەوەی،دەڵێت ( نازانم ئێوە بۆ ئەوەندە بە خەتەری دەزانن ئەم بەرەیە کە ئێمە بەشداریمان تێیدا کردوە، کاکی برام ئەم بەرەیە دژ بە حکومەتی مالکی و دەستەڵاتی شیعەگەری پێک هاتوە، نەک دژ بە کورد ) ئەرێ خەڵکینە ئێمە لە ناوچەکەدا لە سەر سوننە بونمان چەوساوینەتەوە؟ئەنفال کراوین کیمیاباران کراوین لەسەر دەستی شیعە یان سوننە ؟ئەی سوننەیە یان شیعەیە کورد لەسەر کوردبون سەردەبڕێت؟ئەوە کام لایەنی مەزهەبە ڕۆژانە لە کەرکوک و موسڵ و خانەقین و مەندەلی وجێگاکانی تر کورد گولە باران دەکەن بە بەرچاوی کەسوکاریانەوە؟ ئەرێ کاکی سیاسیی ئەمەیە هەڵوێستی نیشتیمان پەروەریتان؟دەتانەوێت خەڵکی کوردستان بخەنە سەنگەری وەحشی گەرانەی ئەم دوو بەرەیەوە کە ئەوەی حسابی بۆ نەکرێت ئینسانی بوونە؟کوشتن و بڕین خەڵکی گەشتوەتە ئاستێک کە مرۆڤایەتی نەفرەتی لێ دەکات،ڕەش و سپی تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێت،گومانی تێدانیە بەشداری کردنتان لەم بەرەیەدا مانای فرمێسک ڕشتنتانە بۆ برا عەرەبە سونەکانتان کە زیاتر لە (80)ساڵ قەتڵ وعام یان کردین،ئەنفالیان کردین،کیمیا بارانیان کردین،زیاترلە (4500)گوند و شارۆچکەیان یەکسانی زەوی کردین.

2007/6/17